مەندەلاوی و حەکیم جەختیان لە گرنگیی تەواوکردنی شایستە دەستورییەکان کردەوە

موحسین مەندەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی "ئەساس"ی عێراقی و سەید عەممار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختیان لە گرنگیی پاراستنی ئەو سەقامگیرییەی کە بەدیهاتووە و تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکان کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هاوپەیمانیی ئەساسی عێراقی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەڵیع کەوتووە، ڕایگەیاند: موحسین مەندەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی ئەساسی عێراقی چاوی بە سەید عەممار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی کەوت و تێیدا باسیان لە دوایین پێشهاتەکانی ڕەوشی سیاسی، تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکان و پاراستنی مافی پێکهاتەکان کرد.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پاراستنی ئەو سەقامگیرییەی کە بەدیهاتووە و تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکان کردەوە بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنی ئەم سەقامگیرییەدا بێت، جگە لە یەکخستنی دیدگا و بەرنامەکان و هاوبەشیکردنی خەمە هاوبەشەکان لە نێوان هەموو ئەو هێزانەی بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆیە، بەجۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندیی باڵای عێراق

بکات.

ه□رو□ها هاتوو□: ل□ میانی دیدار□ک□دا ج□خت ل□س□ر ی□ک□یزیی چوارچ□و□ی ه□ماه□نگی کرای□و□، و□ک گ□ر□نتیی□ک ب□ مافی پ□کهات□ی ز□رین□ و ک□□ک□ی□کی س□ر□کی ب□ س□قامگیری، ه□رو□ها گرنگیی ی□ککگرتوویی ه□□و□ست□ سیاسیی□کان ب□ج□ر□ک ک□ □□نگدان□و□ی ئ□ر□نی ل□س□ر دیم□نی گشتی ه□ب□ت